# "گفتوگۆی دەسەڵات" لە نێوان "سێ ڕووخسارەکەی دەسەڵات"دا

## بەختیار کەریم

کلیلەکان

گفتۆگۆی دەسەڵات (power debate)
سێ رووخسارەکەی دەسەڵات (the three faces of power)
رووی یەکەمی دەسەڵات/بۆچوونی تاک-ڕەهەند (the first face of power/one-dimensional view)
رووی دووەمی دەسەڵات/بۆچوونی جووت-ڕەهەند (the second face of power/two-dimensional view)
رووی سێیەمی دەسەڵات/بۆچوونی سێ-ڕەهەند (the third face of power/three-dimensional view)

## ناساندن

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ ناساندی "سێ ڕووخسارەکەی دەسەڵات" و ئەو مشتومڕەی نێوانیان کە خوێندکاری زانستە سیاسیەکانی سەرقاڵکردوە. نووسینەکە بریتیە لە سێ بەش و دەرئەنجامگیری: لە بەشی یەکەمدا پێشڤەچونە تیۆریەکانی ڕووی یەکەمی دەسەڵات بە هەناسەیەکی ڕەخنەگرانەوە دەناسێنرێت، لە بەشی دووەمدا ڕووی دووەم و سێیەمی دەسەڵات و ڕەخنەیان لە ڕووی یەکەم دەخرێتە بەر باس و دەپرسین تا چەند ڕووی دووەم و سێیەم بەرەنگاریەکی پتەویان لە ڕووی یەکەم پێشکەش کردوە. لە کۆتاییدا بە پشت بەستن بە دیدی جیاواز لەم سێ ڕووخسارەی دەسەڵات، هەوڵ دەدرێت بە دەرئەنجامێکی جیاواز بگەین، پاشان تێڕامانێک لە دۆخی هەنووکەی دەسەڵاتی کوردی بکەین.

## بەرایی

دەسەڵات یەکێکە لەو چەمکە خزانەی پێناسەکردنی ئاسان نیە، دەکرێت لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە لێبڕوانرێت و لە ناوکۆیی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز و بە ڕەوانبێژیی جیاواز لەسەری بدوێین. تۆماس هۆبز پێیوابوو کە "خولیای بەردەوام و نەپساوەی مرۆڤ بۆ دەسەڵات لەدوای دەسەڵات تەنها لە مەرگدا کۆتایی دێت" (Hobbes, 1991, p.64). جۆن لۆک دەسەڵاتی وەک هەبوونی "توانای دروستکردن، قبووڵکردن یان بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان" پێناسەدەکرد (Locke, 1975, p.111). هاوکات ئێدمۆند بێرک دەسەڵات و ئازادیی پێکەوەگرێدەدا و پێیوابوو هەبوونی دەسەڵات ئاماژەیە بۆ جەستەی مرۆڤێکی ئازاد، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەواتایەکی دی بۆ بێرک دەسەڵات لە تایبەتمەندییەکانی چینی باڵایە کە لەو سەردەمەدا تەنها چینی ئازاد بوون و هەموو ئەوانی دی کۆیلەی ئەوان بوون. (Burk in Lukes, 2005, p.62). ئەم سێ دیدە بەرجەستەی ئەو ناتەباییە دەکەن کە لەسەر پێناسەی چەمکی دەسەڵات لە گۆڕێیە، وەکی تریش پیشانمان دەدات کە ئەم ناتەباییە شتێکی نوێ نیە بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان و تا هەنووکەش بەردەوامیی هەیە. ئەوەتا ئێدوارد سەعید گومان دەخاتە سەر مەبەستی وێناکردنی دەسەڵات و ئەو خولیایانەی لە پشتی ئەم وێناکردنەوەدان، پاشان دەپرسێت ئەو پەیوەندیە چیە ئەم وێناکردنە مەبەستدارە و ئەو وێنانەی بەرهەم دێن پێکەوە گرێدەدا؟ سەعید بڕوایوایە ئەو وێنە هزریانەی لەسەر دەسەڵات بەرهەم دێن ئا ئەندزایەکی یەکلاکەرەوە وابەستی خودی وێناکردنی ئێمەن بۆ دەسەڵات (Said, 1986, p.151). ناتەباییەکە تەنها لە یەک ئاستدا نیە و لەسەر یەک بابەت چڕ نەبۆتەوە، بەڵکو لە هەموو ئاستەکاندایە. کۆدەنگیەک لەسەر پێناسەی دەسەڵات یان گرنگی هەبوونی چەمکێکی لەم جۆرە لە گۆڕێ نیە، هاوکات کۆدەنگیش نیە لەسەر پێگەی دەسەڵات لەسەر نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەسەڵات لە کوێدا هەیە؟ کێ هەیەتی؟ ئەوانەی هەیانە چی لێدەکەن؟ چڕنوکی دەسەڵاتداران تا کوێ بڕدەکات؟ کەی دەسەڵاتیان کۆتایی دێت؟ چەندین پرسی دیکە کە جێگەی مشتومڕی توونden لە گشت بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا. دواجار تێڕاوانیمان بۆ دەسەڵات بە گووتەی ستیڤن لویکس بە دیوێکدا، کاریگەری هەیە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و تووندوتۆڵ کردنەوەی ستراکچەری دەسەڵات، بە دیوێکی تردا هەوڵێکە بۆ بەرەنگاری یان گۆڕینی ئەو ئاراستانەی دەسەڵات لە چوارچێوەیاندا دەجمێت (Lukes, 2005, p.63). بە تێگەشتنێکی دیکە تێڕامان لەسەر دەسەڵات نەک هەر گرنگە، بگرە ناچاری و بەرپرسیارێتیە. ناچاریە چونکە کەسمان لە کاریگەریەکانی دەسەڵات بەدەر نین، بەرپرسیارێتیە چونکە ناکرێت پراکتیزەکردنی دەسەڵات و سیاسەت لەیەک جوێ بکەینەوە.

دەشێت باشترین دابەشکاری بۆ تێرامان لە دەسەڵات دابەشکاریەکەی پیتەر مۆریس بێت. مۆریس لە کتێبی "دەسەڵات: ڕاڤەکردنێکی فەلەسفیی"دا دەڵێت: سێ ناوکۆیی هەن بۆ ئاخاڤتن لە دەسەڵات کە ئەو ناویان دەنێت "پراکتیکاڵ"، "مۆراڵیی" و "هەڵسەنگاندن/دادوەریی". لە ناوکۆیی یەکەمدا تۆ پێویستە بە دەسەڵاتی خۆت و هەموو ئەوانی دی ئاشنابیت، چونکە دواجار دەسەڵاتی ئێمە وابەستەی باڵادەستی و بێدەسەڵاتی ئەوانەن کە لە دەورمان دەژین. پێدەچێت ئەم ناوکۆییە تا ئەندازەیەکی زۆر هەوڵێک بێت بۆ تێڕامان لەو دیدگا ڕیاڵیستە بەرژەوەندیخوازە کە دەشێت هاوشێوەی بۆچونەکەی هۆبز بێت کە دەڵێت دەسەڵاتخوازی مرۆڤ ڕێگەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی "خولیا ئایندەییەکانی".

ناوکۆیی دووەم کە مۆراڵییە، ناکرێت "بەرپرسیارێتی" لە سێنتەری ئەم ناوکۆییەدا دانەنێین. زۆربەی کات ئێمە لەلایەکەوە بە ئەرکی مۆراڵیی خۆمانی دەزانین کە پرسیاری مۆراڵیی لە دەسەڵاتداران بکەین بەو پێیەی ئەوان بەرپرسیارێتی مۆراڵییان لە ئەستۆدایە، لەلایەکی دیکەوە پێمانوایە دەبێت دەسەڵاتداران لە چوارچێوەی تەرزێک بەهای مۆراڵییدا پراکتیزەی دەسەڵات بکەن کە تەباییەکی بەرچاوی لەسەرە، لەوێوە بەرپرسیارانە دەسەڵات بەڕێوەببەن. مۆریس پێیوایە ئەم پەیوەندیەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی پەیوەندیەکی نێگەتیڤە، چونکە زۆر جار پاساو بۆ نابەرپرسیارێتی نەبوونی دەسەڵاتە، ڕەتکردنەوەی ئەم پاساوەش ئاسان نیە چونکە دیاریکردنی چڕبوونەوەی دەسەڵات کارێکی سەختە. دواجار ئێمە لە ساتەوەختی لۆمەکردن یان پیاهەڵدانی دەسەڵاتداراندا سەیری شکست یان سەرکەوتنەکانیان دەکەین نەک خودی دەسەڵاتەکانیان و سنوورەکانی. جێگەی تێڕامانە مۆریس چڕبوونەوەی کۆمەڵایەتیانەی دەسەڵات لە دەستی کۆمەڵێکدا تا ئەندازەیەک پشتگوێ دەخات، ئەو کۆمەڵەی کە ئەگەرچی دەسەڵاتدارن و کاریگەریان لەسەر بڕیارەکان هەیە بەڵام دەسەڵاتیان شاراوەیە و ناکرێت بخرێنە ژێر بەرپرسیارێتی مۆراڵییەوە. بە داڕشتنێکی تر مەرج نییە دەسەڵات تەنها لەو پێتانەدا چڕببەنەوە کە شایانی چاودێرین، دەکرێت دەسەڵات لە پێگەی ئەوتۆدا هەبن کە چاودێری کردنی ئێمپیریکیان ئەستەم بێت، چونکە ئەم جۆرە لە دەسەڵات خۆی پەنهان دەکات، دەمامکی ئەستور دەپۆشێت بۆ خۆ نەبان کردن لە چاودێرەکانی.

جێگەی ئاماژە پێدانە کە لە گفتوگۆی ڕووکاری ڕۆشنبیرانی کوردیدا لەسەر دەسەڵات ئەم ناوکۆییە مۆراڵییە پشتگوێ خراوە، لەبری ئەوە جەختکردنەوەی بەردەوام لەسەر دیوە ئەهریمەنییە خودپەرستەکەی دەسەڵاتداران دەکرێت. بەڵام ئەگەر دەسەڵات وەک فۆکۆ دەڵێت ئەو "دەزگایە (machine) بێت کە هەموو لە نێویدا گیرۆدەین، ئەوانەی دەسەڵات پراکتیزە دەکەن هەر بە هەمان ئەندازەی ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەردا پراکتیزە دەکرێت" (Foucault, 1980 p.156)، ئەوا ناکرێت دەسەڵات بە موڵکی تاکە کەسێک بزانین، بگرە ناچارین دەسەڵاتداران بخەینە بەردەم بەرپرسیارێتیی مۆراڵیی، چ لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا و چ لە پراکتیزەکردنیدا.

ناوکۆیی سێیەم بریتیە لە هەڵسەنگاندن یان دادوەرییکردن لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی، لەسەر دابەشکردن و سنوورەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا. جیاواز لە ناوکۆییە مۆراڵییەکەی مۆریس، ئەم ناوکۆییە ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکاڵە لەستراکچەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی کۆمەڵایەتیانەی دەسەڵات، ئەو دابەشکردنەی کۆمەڵێکی گەورەی بێدەسەڵات دەخاتە ژێر بەزەیی دەستەبژێرێکی بچوکی دەسەڵاتدارەوە. لێرەدا مۆریس مەبەستی ئەوە نیە کە کەسانی بێدەسەڵات دەتوان لە پرۆسەی بڕیارداندا بەشداربن تەنها لە ڕێگەی وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە دەستەبژێری دەسەڵاتدار، بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان و دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیەوە (Morriss, 2002, pp.35-45).

# ڕووی یەکەمی دەسەڵات

دەسەڵات بابەتی مشتومڕێکی دوور و درێژە، مێژووی گفتوگۆ لەسەر دەسەڵات زۆر لەوە کۆنترە کە لێرەدا باسی لێدەکرێت، بەڵام ئەم نووسینە زیاتر هەوڵێکە بۆ ناساندنی گفتوگۆیەکی نوێتر لەسەر دەسەڵات لە نێو خوێندکارانی سیاسەتدا. لە ساڵانی پاش-جەنگی دووەمی جیهانیدا گفتۆگۆی دەسەڵات لە نێوان خوێندکارانی پلوراڵیست و ئیلیتیستدا، باڵی کێشابوو بەسەر زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا لە وڵاتە یەککرتوەکانی ئەمریکا، ئەم گفتوگۆیە زیاتر لە نێوان زانایانی سیاسەت و سۆسیۆلۆجیستەکاندا بوو. سۆسیۆلۆجیستەکان جەختیان لەسەر گەڵاڵەبوونی دەسەڵات لە دەستی ئیلیت یان دەستەبژێرێکی دیارکراودا دەکرد، بەڵام زانایانی سیاسەت ئەمەیان ڕەتدەکردەوە و دەسەڵاتیان وەک چەمکێکی فرەیی یان پلوراڵ پێناسە دەکرد، دەسەڵاتیان وەک شتێکی پەرش و بڵاو لەناو کۆی کۆمەڵگەدا نەک تەنها لە دەستی دەستەبژێرێکی دیاریکراودا نمایش دەکرد. زانایانی سیاسەت هاوڕا و کۆکبوون لەسەر گرنگی پلوراڵیزم و پشتگیریان لێی، لێرەوە لەو ساڵانەی پاش-جەنگدا تەنها یەک ڕووی دەسەڵات هەبوو کە بە پلوراڵیزم ناسراوە، یان وەک ئێستا پێی دەڵێن بۆچوونی تاک-ڕەهەند لەسەر دەسەڵات.

ڕۆبەرت داڵ گرنگترین بیریار و داکۆکیکارە لە دەسەڵاتی تاک-ڕەهەندی پلورالیستەکان. بۆ داڵ دەسەڵات بریتیە لە "شتێک کە 'ئەلیف'، هەیەتی بەسەر 'بێ'دا، تا ئەو ئەندازەیەی کە 'ئەلیف' دەتوانێت کارێک بە 'بێ' بکات کە ئەگەر لەبەر ئەلیف نەبوایە نەیدەکرد." لێرەوە لە شرۆڤەکردنی دەسەڵاتدا تۆ پێویستە بۆ ئەو پەیوەندییە ئاساییەی نێوان (ئەلیف و بێ) بگەڕێیت، بۆ ئەو پیوەندییەی کار لە ڕەفتاری لایەنێکی پەیوەندییەکە دەکات. "ئەگەر توانرا ئەو پەیوەندییە ئاساییە پێناسە بکرێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانرێت کاریگەریی دەسەڵات یان ئەوتۆریتی پێناسە بکرێت و بەپێچەوانەشەوە"(Dahl, 1980, p.46). ئەمە شرۆڤەکردنی کردەی دەسەڵاتی ئەکتەرێکە بەسەر یەکێکی دیدا، بەڵام ڕەوایە بپرسین ئەی ئەو دۆخە چۆن شرۆڤە بکەین کە ئەکتەرێک دەسەڵاتی هەیە و پراکتیزەی ناکات؟ بە بڕاوی داڵ جیاوازی نێوان هەبوونی دەسەڵات و پراکتیزەکردنی دەسەڵات "وابەستەیە بە ئامادەگی یان نائامادەگی مەبەستێکی ئاشکراوە" (Dahl, 1986, p.52). ئەم پێناسەیەی داڵ هاوشێوەی پێناسە بەناوبانگەکەی 'بێرتراند ڕەسڵ'ە بۆ دەسەڵات وەک "بەرهەمی کردە مەبەستدارەکان" (Russell, 1986, p.19)، چونکە بۆ داڵ هەبوونی دەسەڵات و پراتیزەنەکردنی بەرهەمی نائامادەگیی مەبەستە بۆ بەدیهێنانی ئەنجام. دەکرێت بپرسین ئەی پێگەی ئەو نەنجامە بێمەبەستانە چین کە لە خۆڕا دێنەدی و لەوانەیە ڕەفتاری کەسێک یان ئاراستەی کرداری بگۆڕن؟ بەواتایەکی دی ئایا دەکرێت دەسەڵات لە پرۆسەی "نابڕیار"دا دەستنیشان بکەین؟ داڵ و پلوراڵیستەکان پێیانوایە ئەرکی خوێندکارانی سیاسەت لە تێڕامانیاندا لە دەسەڵات، گەڕان و چاودێریکردنی پرۆسەی "بڕیاردان"ە و لێکۆڵینەوەیە لەو ڕەفتارانەی دەکرێت چاودێری بکرێن. لیرەوە داڵ بڕوایوایە کە شرۆڤەکردنی دەسەڵات تەنها لەپاش "تاقیکردنەوەی قووڵی ڕشتێک لە بڕیاری کۆنکریتی" شایانی کردنە (Dahl in Lukes, 1974, p.13). ئەگەرچی تێڕامانی چڕی پلوراڵیستەکان لە ڕەفتار لە پرۆسەی بڕیارداندا لەسەر دۆزە گرنگەکان وابەستەیە بە ئامادەگیی پیکدادانی ئاشکراوە، پیکدادانێک کە بتوانین چاودێری بکەین، بەڵام ئەم پێداویستیە بەشێک لە پێناسەکەیان بۆ دەسەڵات پێکناهێنێت. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەسەڵات بۆ داڵ بریتیە لەوەی 'ئەلیف' سەرکەوتوانە کارێک بە 'بێ' بکات یان کاریگەریی لەسەر کرداری 'بێ' دابنێت. بە دەربڕینێکی دی پێناسەی تیۆریی داڵ بۆ دەسەڵات جیاوازە لە هەوڵە ئیمپێریکییەکانی پلوراڵیستەکان بۆ چاودێریکردن و دەستنیشانکردنی دەسەڵات.

بەم پێیە دەکرێت بڵێین کە ڕووی یەکەمی دەسەڵات یان پلوراڵیزمی تاک-ڕەهەند بەمەبەست یان بێمەبەست، ڕۆڵی گرنگی بونیادی ڕێکخراوەیی پشتگوێ دەخات، ئەو بونیادانەی هاوکات ڕێگر و ڕێگەخۆشکەرن لەبەردەمی ئەکتەرەکاندا بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات. ئەم پشتگوێخستنە یان دەکرێت بڵێن ئەم شکستخواردنەی پلوراڵیستەکان لە تێگەیشتنی ڕۆڵی بونیاد، زادەی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیانە لە چوارچێوەی پرۆسەی بڕیاردانی تاکدا، بەواتایەکی دی "هەوڵێکی تاک سەنتەریە" (Hay, 1997, p.46). ئەگەرچی پلوراڵیستەکان ڕاستن کاتێک دەڵێن جڤات و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لە تاک پێکدێن، بەڵام چەمکاندنی دەسەڵات بە تەنها لە پەیوەدنییدا لەگەڵ تاک تووشی گرفتی تیۆرییان دەکاتەوە. دەکرێت ڕیکخراوی سیاسی وەک "چڕکردنەوە و بەرجەستەکردنەوەی دەسەڵات" ببینین، کە نەک تەنها دەسەڵات دابەشدەکەن بۆ یەکەکانی نێو خۆیان یان خوار خۆیان، بەڵکو هەڵگری دەسەڵاتن. لێرەوە پراکتیزەی دەسەڵات دەکەن و کاریگەری لەسەر ئەکتەرەکان دادەنێن، بەڵام وەک 'هانا ئارێنت' دەڵێت، دەسەڵات "دەڕەوێتەوە و دەڕزێت کاتێک دەسەڵاتی زیندووی خەڵک لە پشتگیریکردنی وەستا" (Arendt, 1986, p.62). ئارێنت دەخوازێت پێمانبڵێت کە دەسەڵات هەمیشە و هەردەم لە جڤات یان کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، تاکی دەسەڵاتدار تا ئەو ساتەوەختە دەسەڵاتدارە کە جڤاتەکەی، یان کۆمەڵگەکەی پشتگیری لێدەکەن و ڕازین بە دەسەڵاتدارێتیەکەی، وەلێ کاتێک جڤات شەرعیەتی خۆی لە دەسەڵاتدار دەسەنێتەوە، دەسەڵاتدار دەبێتە تاکێکی بێدەسەڵات. لێرەوە هەرگیز دۆخێک نیە کە تێیدا دەسەڵات بە تەنها "لە دەستی ئەکتەردا بێت". ئەکتەرەکان هەمیشە هۆشیارن لەو "چوارچێوە بونیادیەی کە لەنێویدا ڕەفتار دەکەن" (Giddens, 1979, p.144). هاوکات ڕەفتاری ئەم ئەکتەرانە هۆکارن بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئەو چوارچیوە بونیادییە، وەلێ ئەمە بەو واتایە نیە کە ئەو چوارچێوە بونیادیە بەهەمان شێوە، ڕووخسار و ئەرکەوە بەرهەمدێتەوە، بەڵکو بە ڕووخساری جیاواز و ئەرکی جیاوازەوە بەرهەمدێتەوە.

جیاوازیی قووڵی نێوان پلوراڵیستە تاککەراکان و ئەو بونیادگەرایانەی لەژێر کاریگەری ئالتۆسێردا ڕاڤەی دەسەڵاتیان وەک موڵکی بونیاد دەکرد، کێشەیەکی گەورەی نێو زانستە کۆمەڵایەتیەکانە. لێرەوە ئەنتۆنی گیدنس بە دروستکردنی پردێک لەنێوان ئەم دوو بۆچونەدا هەوڵی چارەسەری ئەم کێشەیە دەدات. گیدنس تیۆرییە نێوەندییەکەی کە وەک ناوبژیوانێک ئەم دوو بۆچوونە لێک نزیک دەکاتەوە ناو دەنێت ستراکچەرەیشن (structuration). دەتوانین زۆر بەکورتی بڵێین ستراکچەرەیشن تیۆرییەکە بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی تاک و بونیاد لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەبێ پشتگوێ خستنی هیچ کامیان لەسەر ئەرکی ئەویتریان. بە دەربڕینێکی دی تاک و بونیادی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکی نەپساوەدان و کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن، هاوکات هەڵەیە خوێندی یەکێکیان بەبێ ئاماژەدان بە ڕۆڵی گرنگی ئەویدی (Giddens, 1979).

# ڕووی دووەم و سێیەمی دەسەڵات و ڕەخنەیان لە ڕووی یەکەم

وەک بینیمان تێڕوانینی ڕووی یەکەمی دەسەڵات جەخت لە ڕەفتاری تاک دەکات لە پرۆسەی بڕیارداندا لەسەر دۆزە قەیراناوییەکان. لێرەوە پلوراڵیستەکان تاک-ڕەهەندانە، لە تەنها یەک ڕەهەندەوە، لە دەسەڵات دەڕوانن. بۆ پلوراڵیستە تاک ڕەهەندەکان بێمانایە هەوڵی ڕاڤەکردنی دەسەڵات بدەین لە نائامادەگیی پێکداداندا، چونکە ناکرێت پیمپێریکیانە پشتراستیان بکەینەوە. وەک ڕەخنە لەم دیدە تاک-ڕەهەندە، دیدێکی نوێ دێتە ئاراوە. بۆچوونی دوو-ڕەهەند بە هەناسەیەکی ڕەخنەگرانەی توندەوە لە پلوراڵیستەکان، بە تایبەتی لە ئەمریکا، پێگەیشت. بەکراک و بەراتز (Bachrach and Baratz) لە وتارێکی کورتدا پێشنیاری ئەوەیان کرد کە: دەکرێت "پرۆسەی بڕیاردان لە ناوکۆیی دانانی ئەجێندەدا" دەستنیشان بکەین. مەبەستی بەکراک و بەراتز ئەوەیە کە ڕاستە لە تێڕامان و خوێندنی دەسەڵاتدا چاودێری کردنی پرۆسەی بڕیاردان گرنگە، بەڵام هاوکات و گرنگتر دانانی ئەو ئەجێندایانەن کە دەبنە بڕیار. پرسیاری نێوەندیی بۆ بۆچوونی دوو-ڕەهەند بریتیە لە؛ کێن ئەوانەی ئەجێنداکان دادەنێن، دۆزێک بەرەو پرۆسەی بڕیاردان پاڵپێوەدەنێن و ڕێگە لە ئەجێندایەکی تر دەگرن لە بەرزبوونەوە بۆ ئاستی بڕیار؟ ڕەخنەی توندی ڕووی دووەمی دەسەڵات لە پلوراڵیستەکان ئەوەیە کە پلوراڵیستەکان "وێنەیەکی شێواوی سیاسەتی ئەمریکیمان بۆ دەکێشن"، وێنەیەک کە پرۆسەی بڕیاردان لە دیمۆکراسی ئەمریکیدا وەک پرۆسەیەکی فرەیی نمایش دەکات، لە کاتێکدا بۆ نمونە ڕەشپێستەکانی ئەمریکا هیچ بەشدارییەکیان نیە لە پرۆسەی بڕیارداندا، چونکە لە هیچ ئاستێکدا دەسەڵاتیان نیە و بەشدارنین لە دانانی ئەجێنداکاندا. لێرەوە ڕەخنەی دوو-ڕەهەند ئاراستەی ئەو خود-ئەڤینییەی سیاسیی و خوێندکارانی ئەمریکا دەکرێت کە پێیانوایە دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا دیموکراتیانە و لە دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی چڕدا پەرتبووە و زۆرترین ژمارە لە پرۆسەی بڕیاری سیاسیی و ئابووریدا بەشدارن.

با ئێستا بزانین دوو ڕەهەندەکەی دەسەڵات لای دەسەڵاتی دوو-ڕەهەندی بەکراک و بەراتز چیە. ڕەهەندی یەکەم، لە تەباییدا لەگەڵ پلوراڵیستەکان، پێیوایە دەسەڵات "یەکانگیرییەکی وابەستەیە بە بڕیاری کۆنکریتیەوە یان بەو چالاکیانەوە کە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ دروستکرنی ئەو بڕیارانەدا". ئەم ڕەهەندە تێڕامانە لەو 'دۆزە ڕاستەقینانە'ی دەچنە پرۆسەی بڕیاردانەوە و دەکرێت لە ڕێگەی چاودێری کردنیانەوە ڕاڤەی دەسەڵات بکەین. ڕەهەندی دووەم و گرنگتریان، ئاشکراکردنی ئەو 'دۆزە گرنگ'انەن کە نەبوونیان بە بڕیار ڕێگرە لەوەی کە وەک دۆزی ڕاستەقینە دەربکەون، واتا ئەو دۆزانەی لە ساتەوەختی دانانی ئەجێندەدا لەبەر هەر هۆیەک بووە سەرکوتکراون و نەبوونەتە بڕیار، بەڵام پرۆسەی نابڕیار نابێت ڕێگر بێت لەبەردەم خوێندکارانی دەسەڵاتدا بۆ تێڕامان لەم دۆزە گرنگانە ئەگەرچی نەبوونەتە دۆزی ڕاستەقینە، بەڵام زیانیان بە بەرژەوەندی کەسێک یان گروپێک گەیاندوە.

ڕووی سێیەمی دەسەڵات کە وەک دەسەڵاتی سێ-ڕەهەندیی یان دیدی ڕادیکاڵ ناسراوە، ڕەخنەی ڕووی دووەم لە پلوراڵیستەکان بەرز دەنرخێنێت، وەلێ پێیوایە لە سێ ئاستدا کەموکوڕیی تێدایە: یەکەم، ڕەخنەی ڕووی دووەم لە ڕەفتارگەرایی ڕووی یەکەم، خۆی لە خۆیدا زۆر ڕەفتارگەراییانەیە، واتا ئەگەرچی ڕەخنە لە جەختکرنەوەی گرنگیی ڕەفتاری تاک دەگرن لای پلوراڵیستەکان، خۆیان لەو چوارچێوەیە دەرباز نابن، بگرە بەهەمان میتۆدۆلۆجی پلوراڵیستەکان کاردەکەن. دووەم، وابەستەکردنی دەسەڵات بە پێکدادانی ڕاستەقینە و چاودێریکراوەوە دیسان هەڵگرتنی شوێن پێی پلوراڵیستەکانە و دادوەرییەکی ناتەندروستە. لەم ئاستەدا ڕووی یەکەم و دووەم کاریگەرن بە پێناسە بەناوبانگەکەی ماکس وێبەر بۆ دەسەڵات وەک قۆزتنەوەی "گشت دەرفەتێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا بۆ سەپاندنی ئیرادەی کەسێک تەنانەت ئەگەر لە دژی بەرهەڵستیش بێت" (Weber, in Habermas, 1986, p.75). دەکرێت بڵێین کە بۆ ڕووی دووەمی دەسەڵات نائامادەگی پێکدادان کۆدەنگیی بەرهەم دەهێنێت، لە کۆدەنگییشدا دەسەڵات پراکتیزە ناکرێت. ئەم تێگەیشتنە وێبەرییە یەکسانکردنی دەسەڵات و زۆرکرن یان دەسەڵات و توندوتیژییە. بەڵام هانا ئارێنت لەپاش جیاکردنەوەی دەسەڵات، هێز، فشار، ئەوتۆرتی و هتد... پێماندەڵێت کە دەکرێت دەسەڵات وەک کۆدەنگیی ببینین، چونکە ئەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان "دەسەڵاتیان لەلایەن ژمارەیەکی دیاریکراوی 'خەڵکەوە' پێ بەخشراوە تا بەناوی ئەوانەوە کردار بکەن"، کاتێک کۆدەنگیی خەڵک کە سەرچاوەی دەسەڵاتە دەڕەوێتەوە، کەسی دەسەڵاتداریش شوێنبز دەبێت (Arendt, 1986, p.64). ئاستی سێیەمی کەموکوڕییەکە بریتیە لە پێداگرتنیان لەوەی کە دەسەڵات لە پرۆسەی نابڕیاردا تەنها لە کاتێکدا هەیە، کە کەسانێک زەرەرمەندبن، واتا ئەو دۆزە گرنگانەی ڕێگەیان لێ دەگیرێت کە ببنە بڕیار تەنها ئەو کاتە شایانی باسن کە کەسێک یان کۆمەڵێکیان تووشی زیان کردبێت، ئەگەر زیان نەبوو ئەوا کێشەیەک لەگۆڕێ نیە چونکە پراکتیزەکردنی دەسەڵات لەم ناوکۆییەدا بەرژەوەندی کەسی پێشێل نەکردوە.

ستیڤن لیوکس، لە کتێبۆچکە شەست لاپەڕەییەکەیدا بەناونیشانی "دەسەڵات: دیدێکی ڕادیکاڵ" ئاراستەی گفتۆگی دەسەڵاتی گۆڕی. لیوکس ڕەخنەی قووڵی خۆی ئاراستەی دیدی ڕەفتارگەرایی ڕووی یەکەم و دوومی دەسەڵات دەکات و پێشنیاری دیدێکی سێ-ڕەهەندیی ڕادیکاڵ دەکات. لیوکس ڕەهەندی سێیەم دەخاتە سەر ئەو دوو ڕەهەندەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا. ڕەهەندی سێیەم

ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئاشکراکردنی ئەو دۆزە گرنگانەی لەڕێگەی کرداری هێزی کۆمەڵایەتیی یان بڕیاری تاکەکەسەوە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی دەهێڵرێنەوە، ئەمە دەکرێت لە ناثامەدەگیی پێکدادانی ئاشکراو چاودێریکراودا ڕووبدات. هاوکات دەکرێت جۆرێکی دیکە لە پێکدادان بەدیبکەین کە لیوکس ناوی دەنێت "پێکدادانی پێنەگەیشتو"، پێکدادانێک کە بریتیە لە "دژواریی نێوان بەرژەوەندیی ئەوانەی دەسەڵات پراکتیزەدەکەن و بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی ئەوانەی لە دەسەڵات بێبەش دەکرێن" (Lukes, 1974, p.24-25). بەم پێیە ڕەخنەی لیوکس تا ئەندازەیەک مۆراڵیی، ئێتیکیی و بەهاییە. بەڕای 'کۆلن هەی'، پێچەوانەی دابونەریتی خوێندنی زانستیە، کە دەبێت "سەربەخۆ، بێلایەن و ناهەستیی و زانستی بێت" (Hay, 1997, p.49). وەلێ وەک دۆیل دەڵێت، ڕەخنەی مۆراڵیی بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕەوانبێژیی و ڕێزمانی لۆجیکی چەمکی دەسەڵات (Doyle, 1998, p.50)، نەک هەر ئەوەندە بگرە گفتوگۆی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا مۆراڵییە، چونکە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دەسەڵات و ئازادییدا هەیە (Dowding, 1996, p.89). ئەوەی زۆر گرنگە لەم دیدە ڕادیکاڵەی "ستیڤن لیوکس"دا، هەوڵدانیەتی بۆ تێوەگلاندنی تیۆریزانەکانی سیاسەت لە پرۆسەی چاودێری سیاسییدا. لیوکس پێماندەڵێت، ناکرێت تیۆریزان وەک هەمیشە لە "قەڵای پاشەکشێوە" (ivory tower) لە جیهان و سیاسەت بڕوانێت، بەڵکو پێویستە چالاکانە سەرکۆنەی هەموو بڕیارەکانی دەسەڵات بکات، جا ئەو بڕیارانە ئاشکرا، پەنهان، یان پێنەگەیشتوو بن. ئەم دیدەی لیوکس دیدێکی مارکسیانەی ڕادیکاڵە، شتێک کە لیوکس نایشارێتەوە، بەڵام هەڵەیەکی کوشندەی تیۆرییە ئەگەر لیوکس وەک مارکسیستێکی دۆگما ببینین، چونکە ئەوەی لیوکس لە مارکسیزمی قەرزدەکات، ئەو پارادۆکسە مۆراڵییەیە کە مارکسیستەکان پێی ناسراون. بەواتایەکی دیکە، لیوکس، تێرامان و تیرۆریزەکردنی دەسەڵات وەک کردەیەکی تێکەڵ لە زانستیی و مۆراڵیی دەبینێت، چونکە تێرامانمان بۆ دەسەڵات کاریگەریی هەیە بۆ سەر پەتەوکردنەوەی بنەماکانی هەمان ئەو دەسەڵاتە، کەواتە ئەگەر تەنها زانستییانە لە دەسەڵات بکۆڵینەوە جگە لە خزمەتکردنی دەسەڵات هیچی دیکەمان نەکردوە، بەڵام ئەگەر مۆراڵییانە، هاوشان لەگەڵ زانستییانە، ڕاڤەی دەسەڵاتمان کرد، ئەوا دەتوانین ئەو لایانانە ئاشکرابکەین کە دەسەڵات کردوونیەتیە قوربانی و زیانی پێگەیاندوون.

# دەرئەنجام

وەک بینیمان پرسیاری نێوەندی بۆ ڕووی یەکەم ئەوەیە: کە کێ دەسەڵات پراکتیزە دەکات؟ پرسیاری نێوەندیی ڕووی دووەم بریتیە لە: کام دۆز لە دانانی ئەجێندەدا بڵندکراوەتەوە و لەلایەن کێوە؟ پرسیاری نیوەندیی بۆ ڕووی سێیەمی ڕادیکاڵ بریتیە لە: بەرژەوەندیی بابەتیانەی کێ زیانی پێگەیشتوە؟ ئاشکرا دیارە کە ڕەهەندێکی ڕاڤەکاریی ئاشکرا نیە ئەم ڕووانەی دەسەڵات لەیەکدی جیابکاتەوە، بگرە لەسەر یەکتر بنیاتنراون و تا ئەندازەیەک درێژکراوەی یەکدین. ئەم ڕاستیە زادەی سروشتی چەمکی دەسەڵاتە کە وەک چەمکێکی فرەڕەهەند و فرەڕووخسار خۆی نمایش دەکات، چەمکێک کە لە هەموو جێگایەکە و موڵکی کەسێکی دیاریکراو نیە. دەسەڵات هەرگیز دەستەمۆ ناکرێت، هەرگیز وەک توحفە یان سەرمایە دەستی بەسەردا ناگیرێت. وەک فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات لە ڕێگەی دامەزراوەی تۆڕئاساوە پراکتیزە دەکرێت، تاکەکەسەکان لەیەک کاتدا پراکتیزەی دەکەن و بەسەریاندا پراکتیزە دەکرێت (Foucault, 1986, p.234). دەسەڵات لە چەندین فۆرمی جیاوازدا خۆی نمایش دەکات و لە چەندین کەناڵەی جیاوازەوە دەربڕین لەخۆی دەکات، کە ناکرێت بە یەک ڕامان و لە یەک چوارچێوەدا دەستگیری بکەین. لێرەوە بەر لەهەموو شتێک وەک ئارێنت ئامۆژگاریمان دەکات پێویستە ئەو چەمکانە لێک جیابکەینەوە کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەیە، ئەوجا بە لەبەرچاوگرتنی ئەکتەر و بونیاد هەوڵی ڕاڤەکردنی دەسەڵات بدەین.

بەبڕوای ئارێنت ئەم تێکەڵکردنەی چەمکە جیاوازەکانی وەک دەسەڵات، ئۆتۆرەتی یان توندوتیژیی، زادەی ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵات بەردەوام پێ لەسەر گوێڕایەڵیی و ستایش دادەگرێت. زۆر کەسیش پێیانوایە ئەم گوێڕایەڵییە تەنها لە ڕێگەی فشار و توندوتیژیی یان وتوویژ و ڕازیکردنەوە بەدیدێت. بۆ ئارێنت ئۆتۆریتی، ئەو چەمکە سەربەخۆیەیە کە ناکرێت لەگەڵ دەسەڵات یان توندوتیژیی تێکەڵی بکەین. ئۆتۆریتی بەدەرە لە بەکارهێنانی کەرەستە دەرەکیەکانی ناچارکردن، کاتێک هێز بەکاربرا ئۆتۆرەتی شکست دەخوات، هاوکات ئۆتۆرەتی بە کەرەستەکانی ڕازیکردن بێگانەیە. ئارێنت بڕوای وایە، ئەگەر ئۆتۆرەتی پێناسە بکرێت دەبێت لە جیاوازیەکی ئاشکرادا دابنرێت لەگەڵ هەر یەک لە: 'ناچارکردن لەڕێگەی هێزەوە' و 'ڕازیکردن لە ڕێگەی وتوویژەوە'. ئەگەرچی چەمکی ئۆتۆرەتی چەمکێکی لاتینیە و یەکەم جار ڕۆمانەکان بەکارهێنا، ئارێنت دەڵێت کە لایەنێکی گرنگی ئەم پێناسە جیاوازەی ئۆتۆرەتی لە بنەڕەتدا پلاتۆنیە. چونکە کاتێک پلاتۆ هەوڵی دەدا چەمکی ئۆتۆریتی بە بەڕێوەبردنی بواری گشتیی بناسێنێت، هۆشیاربوو لەوەی، کە دەخوازێت ئەڵتەرناتیف بۆ تێگەیشتنی باو بۆ بەڕێوەبردنی بواری گشتیی لە گریک پێشنیار بکات، تێگەیشتنی باو بریتی بوو لە بەکارهێنانی وتوویژ و ڕازیکرن لە بواری ناوخۆدا و بەکارهێنانی توندوتیژیی لە بواری دەرەکیدا (Arendt, 1968, pp.93-94). بێگومان ئەم چەمکە لای گریک بوونی نەبووە ئەوەی مەبەستی ئارێنتە ئەوەیە کە پلاتۆ هەوڵی دەدا چەمکێکی هاوشێوەی ئەم پێناسەیەی سەرەوە بە ژیانی گشتی بناسێنێت.

گرنگیی چەمکی ئۆتۆرەتی لای ڕۆمانەکان کە خزمەتی گەورەی ئەم باسە دەکات. لەوەدایە کە ئەم چەمکە بە پێچەوانەی چەمکی دەسەڵاتەوە ڕەگی لە ڕابووردوودا داکوتاوە، ڕابووردیەک کە وەک "ئێستا" لە ژیانی شاردا ئامادەگی هەبوو لای ڕۆمانەکان. بە دەربڕینێکی دی ئەو ڕابووردوەی سەرچاوەی ئۆتۆرەتی بوو زۆر زیاتر لە هێز و دەسەڵاتی زیندوەکان لە ژیانی شاردا ئامادەبوو. لێرەوە ئۆتۆرەتی مۆڵکی ئەو نەوانە بوو کە لە سەرەتادا شاریان بنیاتنا نەک ئەو نەوانەی دەسەڵاتیان هەیە و فەرمانڕەوایی شار دەکەن. بەڵام ئۆتۆرەتی، وەک شتێک زیاتر لە ئامۆژگاریی و کەمتر لە فەرمان، ئامۆژگارییەک کە ناکرێت پشتگوێبخرێت، لە سێناتۆرەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا نیشتەجێ بوو. ئەمەش بەخشینی شتێکە کە موڵکی هاوشاریەکانە و لە نەوەی دامەزرێنەری شارەوە سەرچاوەی گرتوە بەو ڕیشسپیانەی داناترن لە منداڵ و لاو لە کار و ڕەفتاردا.

لێرەدا ئۆتۆرەتی لای ئێمە ئەگەرچی بە هیچ شێوەیەک کەس ئاماژە بە جیاوازییەکەی نادات لەگەڵ دەسەڵاتدا، لە هەندێک لایەنەوە تا ئەندازەیەکی کەمەندکێش هاوشێوەی چەمکی ئۆتۆرەتیە لای ڕۆمانەکان. سەرەتا جیاوازیە بنەڕەتییەکە ئەوەیە ئۆتۆرەتی لە شاری کوردیدا سەرچاوەکەی دامەزرێنەرانی شارەکان نین، بەڵکو ئەو کۆمەڵە "پیاوەن" کە شاریان ڕزگارکرد و دەسەڵاتیان گرتەدەست. بەڵام هاوشێوەیی و لێکچونەکە لەوەدایە کە ئۆتۆرەتی لە شاری کوردییدا ئاراستەی ڕابووردوو دەکرێت نەک داهاتوو، وەک لە ڕەهەندە مۆدێرنەکەی ئەم چەمکەدا بەدیدەکرێت. ئۆتۆرەتی لای فەرمانڕەوای کوردیی لە سەروەییەکانی ڕابووردووەوە سەرچاوەی گرتوە و بەخشراوە بەو کۆمەڵە پیاوەی کە شۆڕشگێڕتر و خاوەن سەروەری زیاترن لە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا. ئەم ئۆتۆرەتیەی لە سەروەرییەکانی ڕابوردووەوە سەرچاوەی گرتوە وەک بەهایەک بۆ بەخشینی شەرعییەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بە دەسەڵات بەکاردەهێنرێت، هەتا ئەو ئۆتۆرەتیە مابێت دەسەڵات تەنانەت لە توندوتیژترین دیویدا خۆی بە شەرعیی دەزانێت و زۆرینەش بە شەرعیی دەزانن. کەواتە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی کە دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لە ئۆتۆرەتیەکەوە وەردەگرێت کە لە ڕابووردوودا نیشتەجێیە بەڵام ئامادەگییەکی بەردەوامی هەیە لە ئێستاماندا، پێویستە بەرلەهەر شتێک ئاراستەی ئەو سەچاوەیەی ئۆتۆرێتی کە شەرعییەت بە توونددوتیژیی و قۆرخی حیزبی دەدات پێچەوانە بکرێتەوە. بەو واتایەی ئەو سەرچاوەیەی ئەتۆرەتی بەشێوەیەکی دیکە ئاراستەبکرێت لەپێناو ڕاهێنانی دەسەڵات لەسەر گوێگرتن یان گۆڕینی کۆی دەسەڵات.

لە کۆتاییدا گرنگە لە ڕاڤەکردنی دەسەڵاتدا، دەسەڵات لەو چەمکانە جیابکەینەوە کە نزیکایەتیی یان هاوشێوەییان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە، بەڵام یەک شت نین. ئەگەرچی هەریەک لەم سێ ڕووەی دەسەڵات لایەنێکی گرنگی دەسەڵات بەسەردەکەنەوە، بەڵام هەموویان شکستیان خواردوە لەو ئاستەدا کە ئەم جیاکرنەوە گرنگەیان پشتگوێخستوە. ئەوەی زۆر باڵکێشە بۆچوونەکەی ئارێنتدا، وەک بۆچوونەکەی تاڵکۆت پارسنس، ئارێنت هێڵێکی ئاشکرا لەنێوان ئەو چەمکانەدا دەکێشێت کە پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە، وەک بیریارانی بەر لە خۆی و پاش خۆی تێکەڵیان ناکات. ئارێنت دەسەڵات، ئەوتۆرەتی، توندوتیژی، فشار، هێز لەیەک جیادەکاتەوە و وەک بەشێک لە دەسەڵات مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات. لێرەوە کاتێک توانیمان ئەم چەمکانە لێکجوابکەینەوە، ئەوکات بێترس دەتوانین باس لە خزمایەتی دەسەڵات و توندوتیژیی بکەین و لەبەرامبەر ئەوتۆرێتیدا دابنێین کە بە توندوتیژیی نامۆیە. کاتێک ئەتۆرێتی وەک سەرچاوەی دەسەڵات ناسینرا، ئاسانترە تیۆریزەی دەسەڵات بکەین، وەک بەخشینی متمانەی جڤاتێک بە کەسانێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و لێسەندنەوەی ئەو متمانەیە لەکاتی پێویستدا، واتا چیتر مەحاڵ نابێت بیر لە گۆڕینی دەسەڵات بکەینەوە. بەڵام ئەم تێروانینە بەدەر نییە لە کێشە، چونکە کاتێک جڤات ئاگاهیی پێویستی نەبێت لە میکانیزمەکانی چاودێریکردنی دەسەڵاتدا، دەسەڵات ئاسانتر دەتوانێت شەرعییەت بۆ خۆی بدۆزێتەوە و تەمەنی خۆی درێژتربکاتەوە. وەک سپینوزا پێماندەڵێت "توانای دادوەرییکردنی مرۆڤ لەزۆر لایانەوە شایانی کارتێکردن و ئاراستەکردنە" (Spinoza 1958: 227) ، بۆ چارەسەری ئەمە دانایی سیاسیی ڕێگەچارەیەکی لەبارە. واتا کاتێک ئەندامانی جڤاتێکی سیاسیی، شارەزایی سیاسییان هەبوو لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی دەسەڵات، بۆ خودی دەسەڵات سەخت دەبێت کە ئاراستەیان بکات و شەرعییەتی لەبار بۆ توندوتیژەییەکانی بدۆزێتەوە. مەبەستە سەرەکییەکەمان ئەوەیە کە، پێویستە جڤات هۆشیاری بەدەستبهێنێت لەسەر ئەوەی کە خۆی خاوەنی ئەتۆرێتییە و دەسەڵات لەو ئەوتۆرێتیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرکاتێکیش خواستی ئەوا دەتوانێت دەسەڵاتداران لە دەسەڵاتەکەیان ڕووتبکاتەوە.

تێبینی: ئەم دەقە پێشتر وەک ئەرکێکی زانکۆ بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە، پاش بەرهەمهێنانەوەی بە کوردی، بەشی کوتایی (سەرنج لە دەسەڵاتی کوردی)م بۆ زیادکردوە.

مافی کۆپیکردن بۆ ماڵپەڕی دەنگەکان و نووسەر پارێزراوە:

ماڵپەڕی دەنگەکان:

dangakan@yahoo.ca
goran@dengekan.com

نووسەر:

Bakhtyarkarim@hotmail.com

**Bibliography**

1. Arendt, H. (1968), Between Past and Future, New York: Penguin Books.

2. Arendt, H. (1986), Communicative Power, in Lukes, S. (ed.), Power, Oxford: Basil Blackwell, pp.59-74.

3. Bachrach, P. & Baratz, M. (1962), The Tow Faces of Power, American Political Science Review, Vol.56, pp.947-952.

4. Barnett, M. & Duvall, R. (2005), Power in International Relations, International Organization, Vol.59, No.1, pp.39-77.

5. Clegg, S. (1975), Power, Rule and Domination, London: Routledge and Regan Paul.

6. Cooper, D. (1997), Strategies of Power: Legislating Worship and Religious Education, in Lloyd, M. and Thacker, A. (ed), The Impact of Michel Foucault on the Social Sciences and Humanities, London: Macmillan, pp. 147-172.

7. Dahl, R. (1986), Power as the Control of Behaviour, in Lukes, op cit, pp.37-59.

8. Dowding, K. (1996), Power, Buckingham: Open University Press.

9. Doyle, L. (1998), Power and Contentment, Politics, Vol.18, No.1, pp.49-56.

10. Foucault, M. (1986), Disciplinary Power and Subjection, in Lukes, op cit, pp.229-243.

11. Foucault, M. (1980), Power/Knowledge, Selected Interviews and other Writings, Edited by Gordon, C. London: The Harvester Press.

12. Gamson, W.A. (1968), Power and Discontent, Homewood (Illinois): The Dorsey Press.

13. Giddens, A. (1979), Central Problems in Social Theory, London: Macmillan.

14. Giddens, A. (1984), The Constitution of Society, Cambridge: Polity.

15. Habermas, J. (1986), Hanna Arendt's Communications Concept of Power, in Lukes, op cit, pp.75-93.

16. Hay, C. (1997), Divided by a Common Language: Political Theory and the Concept of Power, Politics, Vol.17, No.1, pp.45-52.

17. Hay, C. (1999), Still Divided by a Common Language: Discontentment and Semantics of Power, Politics, Vol.19, No.1, pp.47-53.

18. Hobbes, T. (1991), Leviathan, ed. R. Tuck. Cambridge: Cambridge University Press.

19. Locke, J. (1975), An Essay Concerning Human Understanding, ed. P.H. Nidditch. Oxford: Clarendon House.

20. Lukes, S. (2005), Power: A Radical View, 2nd edition, London: Palgrave Macmillan.

21. Magill, K. (1997), Surveillance-Free-Subjects, in Lloyd & Thacker, op cit, pp.54-77.

22. Morriss, P. (2002), Power: A Philosophical Analysis, 2nd edition, Manchester: Manchester University Press.

23. Parsons, T. (1986), Power and the Social System, in Lukes, op cit, pp. 94-143.

24. Russell, B. (1986), The Forms of Power, in Lukes, op cit, pp. 19-27.

25. Said, E. (1986), Foucault and the Imagination of power, in Hoy, D. C. (ed.), Foucault: A Critical Reader. Oxford: Basil Blackwell.

26. Spinoza, B. de. (1951), A Theologico-Political Treatise, New York: Dover Publications.

27. White, D. M. (1971), Power and Intention, American Political Review, Vol.65, pp.749-759.

28. Wrong, D. (1979), Power: Its Forms, Bases and Uses, Oxford: Basil Blackwell.